یەرەپا لیگ..مان یونایتد شکستی بە لیەن هەنا و سەرکەوت بە قەناغی پێش کۆتایی

لە یەرەپا لیگ و لە یاریەکی پڕگۆڵ و دراماتیکی مان یونایتد شکستی بە لیەن هەنا و سەرکەوت بە قەناغی پێش کۆتایی و تەتنهام و گلیمت و بلباویش گەیشتنە هەمان قەناغ.

لە یاریی گۆڵانەوەی قەناغی چارەکی کۆتایی یەرەپا لیگ، مان یونایتدی ئینگلیزی و لیەنی فەرەنسی لە یاریگای ئۆلد ترافەرد بەیەکگەیشتن هەردوولاش لە یاریی چوون بە دوو گۆڵ یەکسانبوون.

تایمی یەکەم، شیتانە سورەکان پشتبەست بە یاریگا و هاندەران نایاب دەرکەوتن و لە خولەکانی 10 و 45 دوو گۆڵیان لە ڕێگەی مانویەل ئۆگارتی و دیگە دالەتەوە تەمارکرد، نیوەی یەکەمیش بەو دوو گۆڵە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، لیەن هاتەوە کەشی یاریەکە و لە خولەکانی 71 و 77 دوو گۆڵی بەدوایەکی لە ڕێگەی تەلیس و تالیافیکە نوسییەوە و ئەنجامەکەی یەکسانکردەوە, هەرچەندە لە خولەکی 89 تەلیسی ناوەڕاستکاری یانە فەرەنسیەکە بە کارتی سور کرایە دەرەوە، بەڵام کاتی ئاسایی یاریەکە بەو

یەکسانبوونە کەتایی هات.

لە دوو تایمی زیادکراودا یارییەکە بە تەواوی جیاوازبوو، بە شێوەیەک لیەن دوو گۆڵی لە خولەکەکانی 104 و 109 لە ڕێگەی شەرقی و لاگازەت تەمارکرد کە دووەمیان بە لەدانی سزابوو، دوای ئەو دوو گۆڵە هەمووان چاوەڕێی سەرکەوتنی لیەن بوون.

بەڵام ئەنجامەکە هەڵگەڕایەوە و لە خولەکەکانی 114 و 120 و کاتی زیادکراودا مان یوو سە گۆڵیان نوسییەوە و گۆیان لە ئەد ترافەرد بەردا، گۆڵکانیش برونە بە لەدانی سزا و ماینە و ماگوایەر تەماریان کرد.

سەرەنجام یارییەکە بە پێنج گۆڵ بەرامبەر بە چوار گۆڵ لە سودی یاریزانانی ئەمریم کەتایی هات، بە ئەنجامی هەردوو یارییش یونایتد حەوت بە شەش لیەنی تەپەڵاند و گەیشتنە قەناغی پێش کەتایی.